# بێ یەکلایکردنەوەی کەرکوك وناوچە بەعەرەبکراوەکان بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی عێراق شکستێکی ترە بۆ خەڵکی کوردستان

فەرەیدون حەمەڕەشید
Faraidun_73hotmail.com
5/11/2004

لەم سات و وەختەدا بەردەوام باس وگرنگیەکی زۆر لەمیدیاکانی عێراق وکوردستان وجیهانەوە دەکرێت,لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق کەبڕیارە لەچەند مانگی ئایندەدا بچێتە پرۆسەی جێبەجێکردنەوە. هەڵبژاردن بۆخۆی لە پرۆسەیەکی دیموکراسی تەواو بەمانایی مەفهومی ووشەکە شەرعیەت وگەڕانەوەی دەسەلاتە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.تاسەرپشکبن لەهەڵبژاردنی ئەونوێنەرو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی خواست و ئامانجەکانیان دەکەن بەلام مەرجی سەرەکی وهەستیاری پێش هەڵبژاردن بۆ سەرکەوتنی هەر هەڵبژاردنێك. هوشیاری سیاسی وڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگایە بە بەها مرۆڤایەتیەکان وئەلف وبێی دیموکراسی..بەپێچەوانەشەوە ناکامڵی هوشیاری .و لەتەکیشیدا زاڵبوونی ڕەووتی دینی و کۆنزێرڤاتیفانە لەفۆرم و بزووتنەوەی جۆراوجۆردا.شکستێکی لەئێستاوەدیاری هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبێت بۆکوردستان یش چوونەناو ئەم پرۆسەیەوەو بەشداریکردنی لەهەڵبژاردنەکانی عێراق پێش یەکلایکردنەوەی کەرکوك وگشت ناوچە بەعەرەبکراوەکان گەمەیەکی سیاسی هەستیاری دۆڕاوە..

ئێمە کەنزیك لەدووساڵ دەبینەوەلەکۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ڕەشی ناسونالیزمی بەعس.ئەوناوچانە نەك هەربە هەڵواسراوی ماوەتەوەو بەڵکو بەردەوام پێداگرتنی حکومەتی کاتی عێراقەلەسەر بە عەرەب بوونی ئەو ناوچانە. ئەویش بەخۆدزینەوە لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە...

بۆیە بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق .بێ یەکلایکردنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان و نەخستنەوەسەر جوگرافیاو ئیدارەی کوردستان. گەمەیەکی ترسناك و چارەنووس سازە بەو فاکتەرەی ئایندەی هەڵبژاردنەکان لە سەنتەری دەسەلاتدا سەنگ وپێکهاتەی ئاکتیف ناسونالیزمی عەرەب بەدەستی دێنێت ....بەمەش تەواوی ئەو گۆڕانکاریە دیموگرافیانەی کرکوك وناوچە بە عەرەبکراوەکان. کەبەدرێژای مێژووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان کراوە دەبێتە واقعێکی حەتمی و دیکۆمێنتێکی دەست ناسونالیزمی عەرەب.لەبەرامبەر هەر هەڵوێست و قسەکردنێك لەسەر ئەو ناوچانە کوردبیەوێت بیکات لەئایندە..

بەشداریکردن لەم پرۆسەدابێ قسەکردن لەسەر ئەو ناوچە ستراتیژوپڕ بایەخانە شکستێکی ترە بۆ خەڵکی کوردستان و لەدەستدانی کەرکوك و ناوچە پترۆڵ یەکانە ...